
## ئەیوب عەلی:

# زۆر حەز بە گوێگرتنی حەیران دەکەم مافی ئەوە بە خۆم نادەم بڵێم حەیران بێژم



**لە کۆمەڵگەیەکی وەك کۆمەڵگەی کوردی ئەگەر کەسێك ئەندازیار بێت و گرنگی بە بوارێکی دیکەی وەك هونەر و گۆرانی گوتن بدات، دەتوانین بڵێین قبووڵکردنی ئەم حاڵەتە رەنگە ئەگەر زەحمەتیش نەبێت، ئەوا ئاسان نییە، بەڵام ئەیوب عەلی ئەوەی سەلماند کە هونەر بەهرە و خۆماندوو کردنە، پسپۆری یان ئەکادیمی بوون رێگە لەهیچ کەسێکی بەهرەمەند یان دڵسۆز بۆ هونەرەکەی ناگرێت لەوەی جگە لە پیشەی خۆی بتوانێت لە بواری هونەریش سەرکەوتوو بێت و لە بوارێکی دیکەش خزمەت بە نیشتمان و میللەتەکەی خۆی بکات، هەرچەندە کاك ئەیوب ئەندازیاریش بە جۆرێك لە هونەر دەزانێت، لەم دیمانەیەدا ئەیوب عەلی ئەندازیار و هونەرمەند وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە کە ئەگەر چی کورتیش بوون، بەڵام تایبەت نەبوون بە بواری هونەری بە تەنیا.**

*** دوور لە هونەر لەگەڵ وەرزش چۆنی؟**

- وەرزش کردن کاریگەرییەکی یەجگار گرنگی هەیە لەسەر مرۆڤ چ لەرووی دەروونیەوە بێت یان جەستەییەوە، چالاکی دڵ و هەستەکانی مرۆڤ پێوەندیەکی بەتینیان هەیە لەگەڵ وەرزش. جۆری خواردن و خواردنەوەی تەندروست هەموویان کاریگەرن لەسەر مرۆڤ. بەشبەحاڵی خۆم وەرزشکردن سوودێکی زۆری پێبەخشیوم و لەهەمان کاتیشدا وەک ئەرکێکی لێ هاتووە لە ئەستۆی من لە کاتێکدا من هونەری گۆرانی وتنم هەڵبژاردووە، ئەمەش بەشێکی گرنگە لە راهێنان و گرنگی دان بەو توانا و بەهرەیە بۆ زیاتر بەرەوپێشەوە چوون و هەڵکشان. راکردن و مەلە و پاسکیل سواری و هەندێک راهێنانی تر هەن بە بۆچوونی من و زانستیش ئەوەی سەلماندووە کە زۆر گرنگن بۆ مرۆڤ بەگشتی و بەتایبەتی گۆرانیبێژ.

یەکێک لەهەرە دیارترین و بەرچاوترین سوودەکانی، کاریگەری هەیە لەسەر جۆری هەناسەدان و زاڵبوون بەسەر درێژکردنی هەناسە لەکاتی وەرگرتن و دانەوەدا لە گۆرانی وتندا. من بەش بەحاڵی خۆم لە هەفتەیەکدا ٥ رۆژ وەرزش دەکەم بەتایبەتی راکردن و هەندێک راهێنانی دیکە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر لە رۆژێکدا. وەرزش بە گشتی سوودێکی بەرچاوی هەیە بۆ کەمکردنەوەو رەواندنەوەی تەنگەژەی دەروونی و دوور بوون لە هەندێک نەخۆشی کە پێوەندیان بە کێشی لەشەوە هەیە.

*** هاندەری کام یانەو هەڵبژاردەی و بۆچی؟**

-لەم کاتەدا من زۆر سەیری یاریەکان ناکەم لەبەر کەمی کاتم، بەڵام زۆر جار یاری یانە و هەڵبژاردە ئاست بەرزەکانم حەز لێیەو سەیریان دەکەم. هەرچەندە لەبەر ئەوەی خۆم لە وڵاتی ئینگلتەرا دەژیم زۆر حەزدەکەم سەیری یارییەکانی چێلسی و هەڵبژاردەی ئینگلترا بکەم، بەڵام بەگشتی خۆم وا نابینم هاندەری هیچ یانەیەکی دیاریکراو بم بە بەردەوام، ئەوەش هەر رەنگە کەمی کات وای لێکردوم.

*** هەندێک ئەندازیار هەن هونەرمەندن. پێتوایە چ پێوەندیەک هەیە لەنێوان ئەندازیاری و کاری هونەری؟**

-من ئەندازیاریش هەر بە هونەر دەزانم بەتایبەتی بیناسازی، کە پێموایە هونەر و زانست لەوێدا تێکەڵ بوونە. ئەگەر هونەری گۆرانی خزمەتی دڵ و گیان و دەروونی مرۆڤ و کەلتور و فەرهەنگی نەتەوەیەک بکات، ئەوە ئاندازیاریش خزمەت بە کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی و مێژووی شارستانی گەلان دەکات. سەیری کۆشک و تەلارەکانی وڵاتی یۆنان و چەندین وڵاتی دیکەی خاوەن شارستانی

بکە لەوێوە بۆت روون دەبێت کە ئەو هونەر و زانستە چەند پەیوەست و یەک مانان و چۆن تەواوکاری یەکترن!

*** بیرت لە دوێت نەکردۆتەوە؟**

-بەڵێ بیرم لێکردۆتەوە بەس لە ئێستادا هونەرمەندەکەم دەستنیشان نەکردووە بۆ کارکردن بەیەکەوە.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بەیەکجاری بگەڕێیتەوە کوردستان؟**

-من بە رۆح و دڵ و خەون و خەیاڵم هەمیشە لە کوچەو کۆڵانەکانی کوردستانم، بەڵام کەی زانیم کە زەمینە لەبارە بۆ پەروەردەکردن و بەرەوپێشەوەبردنی هونەرەکەم و کەی پێموابوو پلان و رێوشوێنم ئامادەیە، زۆر بە شانازییەوە دەگەڕێمە وڵاتەکەم.

*** لە ژیانتدا لە چ شتێک پەشیمانی؟**

-رەنگە هەندێک شت هەبن پێوەندیان بە هونەرەکەم و ژیانی تایبەتی خۆمەوە هەبێت و بڵێم پەشیمانم لێیان، بەڵام هەڵبژاردنی وشەی پەشیمانی سوودێکی ئەوتۆ نابەخشێت، تەنیا ئەزموون لێوەرگرتن گرنگترین شتە لەلای من.

*** چ دیمەنێک هەبووە لەژیانتدا کە هەرگیز نەتوانی لە یادی بکەیت؟**

-یەکێک لەو سات و دیمەنانەی کە هەرگیز ناتوانم فەرامۆشی بکەم و لەیاد خۆمی بەرمەوە ئەوە بوو کە لەباوەشی دایکم و باوکم دەگریام و بۆ یەکەم جار وڵاتم بەجێ هێشت.

*** زۆر لە هونەرمەندان فەیسبوکیان هەیە، تۆ هەتە؟**

- من وەک خۆم فەیسبوکم نییە، بەس چەند کەسێک وەک دەربرینی خۆشەویستیان بۆمن فەیسبوکیان بەناوی من کردۆتەوە. بەڵام لاپەری فان کلاب بەشێوەیەکی فەرمی بۆمن کراوەتەوە کە خاتوو شۆخان بەرزنجی بەرێوەی دەبات، من لێرەوە سوپاسی ئەرک و ماندوبوونەکەی دەکەم. کە لەم فان کلابە دۆستان و هەواداران دەتوانن بە بەردەوامی گوێبیستی گۆرانی و چالاکیە نوێیەکانی من بن. وەک هەواڵ و وێنەی تازە.

*** حەیرانێکی زۆر خۆشت بەسەر هەولێردا گوت لە ئەلبومی ئەمجارەتدا. ئایا ئەوە هەر بۆ یەکەم جار بوو حەیران بڵێیت یان پێشتر لە ئاهەنگ و کۆنسێرتەکاندا گوتووتە؟**

-من زۆر ئاگام لە هونەری فۆلکلۆری گەلەکەمە، حەیرانیش یەکێکە لەو هونەرە رەسەنەی کورد، هەر زۆر حەز بە گوێگرتنی حەیران دەکەم. هەر بۆیەش وەک خۆشەویستیەکم بۆ ئەو هونەرە رەسەنە هەر بۆ یەکەم جار لە ئەلبومی ئەم جارەم بەشێکی کورتی حەیرانم گوت. من مافی ئەوە بە خۆم نادەم بڵێم حەیران بێژم. پێموایە هەر حەیرانبێژێک تاموچێژێکی جیاوازی هەیە لە یەکێکی دیکە. بۆیە لێرەوە بیسەر سەربەستە لەوەی گوێ لە کامە دەگرێت.

*** تێکستی حەیرانەکەت لەلایەن کاک زیرەک ژێدار نووسراوە. ئایا ئەو تاچەند رۆڵی هەبوو لەوەی کە لە بەرهەمەکەت حەیرانی تیابێت؟**

-کاک زیرەک زۆر هاوکاری من بووە. ساڵانێکە وەک بەرێوەبەری کاری رۆژنامەوانی زۆر لەگەڵ من کاری کردووە و ماندوبوونی چەشتووە، منیش زۆر سوپاسی دەکەم. بەڵێ تێکستی حەیرانەکە ئەو نووسیویەتی و لەلام زۆر جوان بوو. هەروەها ئەو زۆر یارمەتی دام لە چۆنیەتی خوێندن و چڕینی حەیرانەکە، چونکە بۆ من کەمێک سەخت بوو وەک حەیرانبێژێکی شاری هەولێر بتوانم حەیران بخوێنم، کە زۆر روون و ئاشکرایە من لە دایک بووی ناوچەی گەرمیانم. بۆیە کاک زیرەک لە چۆنیەتی خوێندن و دەربڕینی وشەکان هاوکاری کردم. هەر لێرەوە داوا لە هۆگر و هاوادارانی حەیران دەکەم کە لە کەموکورتیەکانی حەیرانەکە ببوورن.





■ رایۆرت ١٩٨٠

هونەرمەند و نووسەر یاسین قادر بەرزنجی:

# لە (بەختیار)ی مۆڵەتەوە بۆ (فایق)ی ئارەزوو





■ نێرگز بووکی کوردستان ١٩٨٩

**گەر هونەرمەندێك جا لە هەر بوارێكی هونەریدا ســەركەوتوو و بلیمەت بێت ئەوە ئاساییە، بەڵام گەر كەسێك هونەرمەند و نووسەر بێت و لەهەمان كاتدا كاری رۆژنامەنووسیش بكات و لە هەموو بوارەكانیشدا سەركەوتوو بێ و جێی پەنجەی دیاربێت، ئەمە شایەنی دەستخۆشی و رێز لێگرتنە.**

**ئەمانە هەموویان لە هونەرمەند و رۆژنامەنووس و نووسەر یاسین قادر بەرزنجی و ئەزموونی چل ساڵەی لە بواری نواندن و نووســین و كتێبە پڕ بەهاكانی دەربارەی شـانۆ و هونەر و ئەو گۆشە و بابەت و وتارانەی لە رۆژنامە و گۆڤـارەكان بڵاویكردۆتەوە گەواهیدەری ئەم راســتیەن، هونەرمەند یاســین قادر بەرزنجی بەمشـێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێكی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**



■ ئارەزوو ٢٠٠٩

*** بۆ چی زیاتر ئـەو كاراكتەرانە بەرجەسـتە دەكەیت كە سروشــتی نین، وەك تــووڕە، یان گێل و نیمچە شـێت (هەروەك لە درامای ئارەزوودا دیمان)، ئایــا ئەمە ئارەزووی خۆتە یــان دەرهێنەرەكان بۆتی دیاری دەكەن؟**

-هەڵبەت دوای ئەزموونی چل ســاڵەم لە بواری نواندندا، گەیشتوومەتە قەناعەتێك كە پێویستە ئەكتەر بتوانێ هەموو جــۆرە كاراكتەرێك نمایش بكات، بەر لەراپەڕین و دوای راپەڕینیش حەزم كردووە ژمارەیەك دەور ببینم (لەســەر شانۆ بێ یان لە تەلەفزیۆندا) كە فرە مەودا بن، واتە كەســانی سروشــتی و تەقلیدی نەبن، ئەو دەورانەی كە ئاسانن یان وەك پێیان دەوترێت (فلات) هەموو كەسێ دەرەقەتیان دێت، هەرگیز ناڵێم من توانیومە سەد دەرســەد نمایشی كاراكتەرە ئاڵۆز و گرانەكان بكــەم، بەڵام دەتوانم بەشــانازییەوە بڵێم هەوڵی ئــەوەم داوەو چەندین بەرهەمیش گەواهی ئەو بۆچوونەم بۆ دەدەن، زۆربەی دەورەكانم دەرهێنەران هەڵیانبژاردوون، بەڵام رازی بوونی خۆشمی تیابووە.

***دەورەكانــت جورئەتێكــی تەواویان پێــوە دیارە، بەتایبــەت ئەگــەر لەروانگــەی كۆمەڵایەتییــەوە تەماشــایان بكەین، بۆ نموونە (فایەق)ی هاوسەری (ســەباو) لە ئارەزوودا، ئاخۆ لەرووی كۆمەڵایەتییەوە هیچ كاردانەوەیەكی نەبووە لەسەرت؟**

-دیارە شــانۆ هەرچــۆن دامەزراوێكی هونەری و رووناكبیــری و مەعریفییە، هــاوكات دامەزراوێكی كۆمەڵایەتییــەو كار دەكات بــۆ هۆشــیاركردنەوەی كۆمەڵگە لەزۆر لایەنەوە، هەرچۆن تێپەڕاندنی شــتە باوەكان لە شانۆدا كارێكی پێویستە و دەبێ هونەرمەند بۆ داهێنانــی ژیان و چەمــك و بۆچوونی نوێ لە گەلێ دەرگا بدات..

مــن نەك هــەر (فایــەق)، بەڵكو لە ســەرەتای تەمەنی هونەریمــەوە بەهۆی گەلێك بەشــداریمەوە گرفتی كۆمەڵایەتیم بۆ دروستبووە، ساڵی ١٩٧٣ لە درامای تەلەفزیۆنی (چاوی ڤێتنام)ی شەهید دڵشاد مەریوانــی دا دەوری كچە ڤێتنامییەكم بینــی، زۆر لــە خزمەكانــم و دراوسێكانمان لای دایكی رەحمەتیم گلەییان كردبوو، پاشــان لە (مۆڵــەت)دا دەوری كوڕێكــی لادێیی نیمچەشێتم دی بەناوی (بەختیار)، هەرچەند كارەكە و دەورەكە لای جەماوەری بینەر پەســەند بوون، بەڵام لەزۆر جێگــە كوڕ وكاڵ گاڵتەیان پێدەكردم! هەرچۆن لە درامای (گەردەلوول)یشدا دەورێكی سلبیم بینی و هەندێ كــەس رەخنەیان لێ دەگرتم و دەیانووت چۆن دەبێ بەدەوری وا قایل بیت!

بەڵام لای من ئەوانە ئاســایی بــوون و بەبڕوای تــەواوەوە دەڵێم وەك ئەكتەرێــك زانیومە چۆن چۆنی جێگەی خۆم دەكەمەوە لەســەر نەخشــەی هونەری نواندن. زانیومە چەندە ئەو كاراكتەرانە لەســەر ژیانی كۆمەڵایەتی ئێمە كاریگەرییان دەبێت..


پاشــان، خۆ لەژیاندا ئەو كەسانە هەموویان هەن، ئەی بۆ لە هونەرەكەماندا رەنگ نەدەنەوە.

***لەگەڵ خانمــە هونەرمەند (نەرمین كاوانی) چەندین جــار پێكەوە**





■ رۆژژمێری براكان ١٩٩٨



## هونەرمەند و نووسەر یاسین قادر بەرزنجی

*ساڵی ١٩٥٦ لە گەڕەکی سابونکەرانی سلێمانی لە دایك بووە.
*لەساڵی (١٩٧٢)ەوە وەك ئەکتەر و نووسەر و وەرگێڕ بەشداریی بەرچاوی هەیە لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا.
*لە دەیان کاری شانۆیی و تەلەفزیۆنی و سینەمایی و رادیۆیی دا رۆڵی بینیوە.
*خاوەنی ٢٨ کتێب و نامیلکەی چاپکراوە لە بوارەکانی شانۆ و رۆژنامەنووسی و زانستی کتێبخانەکان و ئەدەبیاتی منداڵاندا.
*دەرچووی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی-یە.
*کارمەندە بە پلەی (شارەزای کتێبخانەکان) لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی و جێگری بەڕێوەبەری کتێبخانەی ناوبراویشە.
*ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)بووە.
*بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)بووە.
*ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (رۆژنامەنووسان)بووە.
*سەرنووسەری مانگنامەی (ئاسۆی کتێبخانە) و گۆڤاری (شاکار) و راوێژکاری گۆڤاری (شانۆ)یە.
*ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندان و سەندیکای رۆژنامەنووسان و یەکێتی نووسەرانی کوردە.
*بەڕێوەبەری هونەریی تیپی شانۆی سالارە.
*هاوسەرەکەی (خاتوو سوهام عەلی عەبدوڵڵا) و هەرسێ جگەرسۆزەکەی (راستی و رەوەز و شانۆ) بەشدار و هاوکاری ژیانی هونەریی هونەرمەند بوون.

**دەورتان بینیوە و زۆریش سەرکەوتووبوون، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

-من و خاتوو نەرمین بەر لە تەلەفزیۆن، دووجار لەسەر شانۆ پێکەوە بەشداریمان کردووە، لە (میوانی ئەم ئێوارەیە)ی هونەرمەند گەزیزە عومەر و(خۆشترین گۆرانی)ی هونەرمەند ئەرسەلان دەروێش دا، ئەو دوو هاوکارییە کردینیە هاوڕێ و هاوکار، بۆیە کە باسی هەردوو درامای (ژیلەمۆ) و (ئارەزوو)مان لەگەڵدا کرا هەردووکمان خۆشحاڵ بووین بە درێژەدان بەو هاوکارییە، گەر سەرکەوتوو بووبین ئەوە مایەی بەختەوەریمانە.

لای من ئەو خوشکە ئازیزەم یەکێکە لەئەکتەرە هەرە بەتواناکانی کورد، کەسێکە بەجورئەتی تەواوەوە بەشداری دەکات و من شانازیی پێوە دەکەم، دڵنیام داهاتوو کاری گەورەتر پێشکەش دەکات.

***لەشانۆدا، یان سینەما، یان درامادا زیاتر خۆت بەسەرکەوتوو دەزانیت؟**

-ئێمە، هەر هەموومان لە قوتابخانەی شانۆدا پەروەردە بووین، زۆربەمان لەسەر شانۆ دەتوانین هەست ونەستی خۆمان بگەێنین، هەستیارترین بواریش بۆ نواندن سەر تەختەی شانۆیە، بەڵام کە چوویتە ئەزموونی تریشەوە وەك تەلەفزیۆن و سینەما دەبێت بەباشی مامەڵە لەگەڵ کەرەستەکانی دیکەدا بکەیت کە نواندنی ئەوان لێتی دەخوازن.

***جیاوازی چییە لەنێوان ئەکتەری ئارەزوومەند (هاویی) و ئەکتەری ئەکادیمی (پسپۆڕ)دا؟**

-هەرچۆن خوێندنی ئەکادیمی قورسایی لەسەر رۆشنبیریی ئەکتەر و تواناکانی دەبێت، بەڵام بەهرەمەندیی ئەکتەر و خۆپێگەیاندنی مەرجی سەرەکین بۆ ئەفراندن، ئێمە ئەکتەری ئارەزوومەندی ئەوتۆمان هەن کە بوونەتە مامۆستای نواندن، هاوکات ئەکتەری ئەکادیمی ئەوتۆشمان هەن کە پسپۆڕانە لەگەڵ داهێناندا دەژین، هاوکات بە پێچەوانەشەوە ئەکتەری ئەوتۆمان لە هەردوو جۆرەکەدا هەیە کە چەندین ساڵە کاردەکەن و خۆماندوو دەکەن، کەچی ئەکتەری چەقبەستوو و خۆدووبارە کەرەوەن و رەنگ و رووی بەرهەمە هونەرییەکانیان پێجوان ناکرێت.

***بیر لەوە ناکەیتەوە وەك (دەرهێنەر)کاری شانۆیی بکەیت؟**

-لەو بڕوایەدا نیم و ئەو توانایە لەخۆمدا نابینمەوە، سەردەمەکەش سەردەمی پسپۆڕی و تایبەتمەندییە و منیش زیاتر خۆم بە ئەکتەر دەزانم.

***چیت لە هونەر و هونەرمەندی قازانج کردووە؟**

-خۆشەویستیی جەماوەر کە بەهەموو سامانی دنیای ناگۆڕمەوە، لای ئێمە هونەرمەندان توێژێکی گرنگ و خۆشەویستن، جەماوەر بەوپەڕی رێزەوە تەماشایان دەکات، هەربۆیە پێویستە ئێمەی هونەرمەند لەهەموو کایەکانی هونەردا بەرهەمی جوانتر و ناوازەتریان پێشکەش بکەین.

***وەك زانیومانە پێوەندییەکی توندوتۆڵت لەگەڵ هونەرمەندانی بوارەکانی تردا هەیە، نەك هەر بوارەکەی خۆت، بۆ نموونە هونەرمەندان (عەدنان کەریم) و (دیاری قەرەداغی) و (وەهبی رەسوڵ) و زۆری تر لە موزیکزانان و شێوەکاران. ئەمە تەنیا کارکردنی هونەری وایکردووە یان خولیاو ئارەزوو لە بوارەکانی ئەوانیش؟**

-من لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان و نووسەر و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسانیش پێوەندی و هاوڕێیەتیم هەیە، نەك هەر لە سلێمانی، بەڵکو لەشارەکانی تریش، وابزانم زۆربەمان ئێمەی هونەرمەندان هەر بەوجۆرەیەن..

کاکە عەدنان کە لەسەرەتای هەشتاکانەوە هاوڕێمە لای من نەك بەتەنیا هونەرمەند، بەڵکو دیاردەیەکە لە هونەری کوردیدا، لەنزیکەوە باسی پڕۆژە و خەون و خەمەکانمان بۆ یەکتر دەکەین و بە بەرهەمەکانی دەگەشێمەوە، هەروا ئەویش بەردەوام ئاگای لە هەنگاوەکانمە، چ هونەری و چ نووسین و کتێبەکانم..
هەر بەم بۆنەیەوە حەز دەکەم ئەوەش باس بکەم کە نێوانی من و ئەو هونەرمەندە بەڕێزە بەجۆرێکە ورد ودرشت قسە لەسەر پڕۆژەکانی هەردوولامان دەکەین، ئەوە بوو کاتی خۆی پێشنیازم بۆ کرد ناوی ئەلبوومەکەی پێش کۆتایی ناوبنێت بە(ئەم شەو) ئەویش لەبەر یەك لە گۆرانییەکانی کە بەو ناوەیە، هەروەها بۆ یادکردنەوەیەکی ئەستێرەی رۆژهەڵات (ئوم کەلسوم) و گۆرانی (هذە لیلتي)، ئەویش بەلایەوە پەسەند بوو و وای ناونا، بۆ دوا ئەلبوومیشی دیسانەوە پێشنیازم بۆ کرد ناوی بنێت (وەفایی)، چونکە سێیان لە گۆرانییەکانی لە شیعری ئەو شاعیر و دەنگخۆشە مەزنە، دووبارە بە سوپاسەوە پێشنیازەکەی قبوڵ کرد، بە هیوام ئەلبوومەکانی تریشی هەر هەموومان بەختەوەر بکات.

کاکە دیاری (هەرخۆی دیارییە)، رەگی پێوەندیمان یەکجار قووڵە، باوکی بەڕێزی لەسەرەتاییدا مامۆستای من و براکانم بووەو بەچاوی دیاری گیان تەماشامان دەکات، پاشانیش چەندین ساڵە لە گۆڤاری (شاکار) پێکەوە کاردەکەین و لەیەکتر گەیشتووین، هەروەها مامۆستا وەهبی، کە هونەرمەندێکی شێوەکار و توێژەرێکی خاوەن ئەزموونە و هاورێیەکی دڵسۆزیشە، زۆر هونەرمەندی دیکەش، بڕوا بکەن بە بەرهەمی ئەوان دەگەشێمەوە و ئێمە هەر هەموومان هونەرمەندانی کورد پێکەوە جوانین و تەواوکاری یەکترین.

***بەڕێزتان زۆربەجوانی و وردی لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکانتان نووسیوەو نموونەی ئەوەش چیرۆکە هەواڵەکانتە، کە لە کتێبی (مەرگی وەنەوشە) دا یەکخراون و چاپکراون، ئایا ئەو نووسینانە رەنگیان نەداوەتەوە لە بواری هونەریدا و خۆت و کەسانی تر سوودتان لێ نەبینیوە؟**

-خۆشحاڵم کە (مەرگی وەنەوشە) لەساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠١٠ سێجار چاپکراوەتەوە، ئێستا بیرۆکەی چاپی چوارەمی لەئارادایە، ئەوانە بەرهەمی ١٠ساڵی رۆژنامەنووسیمە، شانازم کە یەکەمین جار بەندە ئەو ژانرەی نووسیوە.

بەڵێ، هونەرمەند مۆفەق لهۆنی هەردوو چیرۆکی (خومار لە دواسەردانەوەیدا) و (شەوێکی روناك)ی کردە فیلم، هەروەها هونەرمەند عەباس عەبدولڕەزاق سیناریۆی تەلەفزیۆنی بۆ ژمارەیەکیان نووسیوەو چاوەڕێی دەرفەتین بۆ ئەنجامدانیان.

***ئێستا زیاتر بەنووسینی چییەوە خەریکیت؟**

-زیاتر بەنووسین و وەرگێڕانی بابەتی (زانستی کتێبخانە و زانیارییەکان) کە کتێبخانەی کوردی هەژارە تیایدا، نامیلکەیەکم لە چاپە و دووکتێبی دیکەشم بەڕێوەن و خوا یاربێ هەر لەم ساڵدا پێشکەش بەکتێبخانەی کوردیی دەکەم.

***دوا بەشداریی هونەریت چییە؟**

-بەشداریی لە زنجیرە درامای (ئاکامی نهێنییەکان)ی هونەرمەند سالار سوڵتان، هەروەها هەر لەمساڵدا بەشداریی لە شانۆگەری و درامای تیپەکەمان (تیپی شانۆی سالار) دەکەم کە لەکاتی خۆیاندا باسیان لێوە دەکرێت.



# ئەساڵە: هاوسەرەکەم ئارامیم پێدەبەخشێت

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەك دوورکەوتەوە لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت، ئێستا خانمە گۆرانیبێژی سوری ئەساڵە نەسری خۆی ئامادە کردووە بۆ یەکەم جار بەرنامەیەکی هونەری پێشکەش بکات بەناوی (صۆل) لە مانگی رەمەزانی پیرۆز، سەرەڕای ئەوەی ئێستا لە قۆناغی دووگیانیدایە و چاوەڕێی کۆرپەکەیەتی.

دەربارەی ئەم ئەزموونە تازەیە ئەساڵە دەڵێ: ماوەیەکی زۆرە بیر لە کارێکی لەمجۆرە دەکەمەوە، بەڵام هەمیشە دوام دەخست و ئێستاش پێموایە کات گونجاوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە و لەگەڵ هاوسەرەکەم دەستم بە کارەکە کردووە و چەند ئەڵقەیەکمان تۆمار کردووە و بیرۆکەی بەرنامەکەش بریتییە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ئەستێرە ناودارەکان لە بواری هونەری و بوارەکانی تر دەربارەی چەند کێشەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی.

سەبارەت بە ترسی لە پێشکەشکردنی ئەم جۆرە بەرنامانە ئەساڵە دەڵێ: بێگومان لە سەرەتادا هەستم بەجۆرێك لە ترس دەکرد، بەڵام بوونی هاوسەرەکەم وەك دەرهێنەری بەرنامەکە جۆرێك لە ئارامیی پێ بەخشیوم، هەروەها بەرنامەکە خۆی لە دانیشتنێکی نێوان من و هاوڕێکانم دەچێت و هیوادارم بە دڵی جەماوەر بێت.

لەلایەکی دیکەوە ئەساڵە رایگەیاند کەوا پڕۆژەی بەشداری کردنی لە فیلمێکی سینەمایی لەبەر دەستە، بەڵام حاڵی حازر بۆ ماوەیەك دواخراوە.



# تیرێژ داوای لێبوردن لە جەماوەری خۆی دەکات

هونەرمەندی لاوی رۆژهەڵاتی کوردستان تیرێژ ئورمی رایگەیاند کەوا ئێستا سەرقاڵی خۆ ئامادەکردنە بۆ کلیپکردنی گۆرانییەکی بەرهەمە نوێیەکەی.

لەم بارەیەوە تیرێژ ئورمی لە پێوەندییەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان رایگەیاند: دوایین کاری هونەری من بریتییە لە کلیپکردنی گۆرانی (عەرشی ئەڤین) کە بە زاراوەی سۆرانییە و پەنا بەخوا لە کاتێکی زوودا ئەم کلیپە لە شاشەکان بڵاو دەکرێتەوە، لێرەوە داوای لێبوردن لە جەماوەری خۆشەویستی خۆم دەکەم کە ماوەیەکە چاوەڕێی بینینی ئەم کلیپە بوون، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك نەمتوانی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا کلیپەکە تەواو بکەم، دوای بڵاوکردنەوەی ئەم گۆرانییە هەڵدەستم بە کلیپکردنی گۆرانی (رەندا من) کە گۆرانی یەکەمی بەرهەمەکەیە، هەروەها لە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو لە شارەکانی ئیستەنبول و ئەزمیری تورکیا چەند کۆنسێرتێکی گۆرانی بۆ جەماوەری کوردی نیشتەجێی ئەم دوو شارە ساز دەکەم.

لەلایەکی دیکەوە تیرێژ رایگەیاند جگە لە کاری هونەری دوای ماوەیەکی تر چەند چالاکیەکی دوور لە هونەر لە بواری راگەیاندن ئەنجام دەدەم و پەنا بەخوا لەکاتی خۆیدا رایدەگەیەنم و زانیاری زیاتر دەخەمە ڕوو.

# رۆژداش لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا بەشدارە

خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان رۆژدا بەیاوەری چەندین هونەرمەندی دیکەی کوردی نیشتەجێی کوردستان و ئەورووپا سەرقاڵی بەشداری کردنن لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن لە تورکیا.

رۆژدا دەربارەی کار و چالاکییەکانی بە گۆڤاری گوڵانی رایگەیاند: ماوەیەك بەر لە ئێستا ئەلبوومێکی نوێم بەناوی (رۆژدا هات) بڵاوکرایەوە کە چەندین گۆرانی نوێ و فۆلکلۆری لەخۆ دەگرت، سوپاس بۆ خوا لە ئەلبوومەکە رازیم و جەماوەریش پێشوازییەکی باشی لێکرد، هەرچەندە من خۆم چاوەڕێی ئەوەم دەکرد، چونکە ئەرك و ماندوبوونێکی زۆرم کێشا تاکو ئەو ئەلبوومەم پێشکەش بە جەماوەر کرد، ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ کلیپکردنی چەند گۆرانییەکی ئەو ئەلبوومە دوای ئەوەی هەڵیاندەبژێرم، دەربارەی هەڵبژاردنەکانی تورکیاش رۆژدا گوتی: ئێستا من و چەند هونەرمەندێکی دیکەی کورد خەریکی بەشداری کردنین لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەوەی بتوانین زۆرترین دەنگ بۆ پاڵێوراوە کوردەکان کۆبکەینەوە و دەنگی شیاو بەدەست بهێنن لەم هەڵبژاردنەدا.

